# بەرەو سەرکەوتنی بەردەوام

ئەوا ، شەڕی نێوان ، عیراق‌و ئێران ، لەم هەفتەیەدا پێ‌ی نایە مانگی دووەمەوە ، لەگەرمەی شەڕی ڕەوای ئێمەدا ، سەربازە ئازاکانی عیراق بەرەو پێشەوەو لە سەرکەوتنێکەوە بۆ یەکێکی تر دەڕۆن ، هەر لە گەرمەی ئەم شەڕەدا ، کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تاران بە نارەوا بەسەریا سەپاندین ، هێزەکانیان ڕۆژ بەڕۆژ ، یان دەشکێن‌و دەردەست دەکرێن ، یان هەڵدێن‌و هەرچی هەیانە لەپاش خۆیان بەجێ‌ی دەهێڵن ..

باری ئەم شەڕە ، لەیەکەم ڕۆژەوە ، بەم جۆرە ڕۆشتوەو بەڵگەکانی ئێستاش ئەو ڕاستی‌یە دەدەن بەدەستەوە کە تا ئەو تاقمە عەقڵ بەردینەی لە «قم» و «تاران» بە زۆر خۆیان بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاندوە ، لەسەر هەڵویستی « جاهلی »و نارەوایی خۆیان بڕۆن ، ئەنجامی شەڕ هەر شکاندنی هێزەکانیان‌و حەرەسە نا شۆڕشگێڕەکانیان دەبێ‌و مادامێکی هێزەکانی ئێمە شەڕی ڕەوا دەکەن ڕێگایان هەر بەرەو سەرکەوتنی بەردەوام دەبێ .

ئەم ڕاستی‌یە ، ئێمە دەیزانین ، هەموو هەستێکی ڕووناک‌و دووربینی دنیاش دەیزانێ ، من دڵنیام عەمامە بەسەرەکانی تارانیش دەیزانن ، بەڵام کە خۆیانی لێ گیل دەکەن‌و سەرەڕای شکاوی هێزەکانیان هەر خۆیان گیف دەکەنەوەو زیاتر تەبڵی شەڕ لێ دەدەن ، بۆیە وادەکەن ، چونکە هیچ نەما گەلانی ئێرانی پێوە خەریك بکەن ئەم شەڕە نەبێ ، ئەوە خەریکە دوو ساڵ تەواو دەبێ ئەم تاقمە بەڵا جاهلە هاتونەتە سەر حوکم ، لە ماڵ وێرانی زیاتر هیچیان بۆ گەلانی ئێران نەکرد . هیچ بیانویەکیشیان نیە بەدەستەوە بۆچی هیچیان نەکردوە ، ئیتر بیریان لەوە کردوە ئێران گیرەوەی ئەم شەڕە بکەن .

بەڵام ، هەمیشە سەلماوە ، ڕەورەوەی مێژوو بەرەو پێش دەچی ، گەلانی ئێران لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکەن ، دەبێ زوو ڕاپەڕن‌و تۆڵەی بەرودوا لەو تاقمە ڕەگەز پەرستە جاهل‌و عەقڵ بەردینە بکەنەوە کە بونە مایەی ماڵ وێرانی گەلانی ئێران‌و زیاتر چەوساندنەوەیان .


● شەماڵ ●

# ئازانسی بۆردمانی شارەکەمان

شعر

فرۆکەکەهات
بەسەر شارەکەماندا گەشارۆی‌دا
بەناپالم‌و شەستیرو تۆپ
شارەکەمانی بۆمباران کرد
بۆردمانی‌کرد هێلانەی ژیان
خوێنی مرۆڤی بێ‌تاوان !
دروشمی سەربەستی نووسی
ووتی : بەناحەق مردم
کورپەکانیش خوێنیان کرد بەدەریا
شەپۆلیان بردە سەرمردن
دەستیان لەملی مەول‌کرد
پێکەوە ڕۆیشتن بەرەو گۆرستان ...
هەتا هەناسەمان مابێ لەم ژیانە
ناویان هەر دەمێنێ‌و ڕەش نابێتەوە

« خالد کوچەر »





# تۆڵە

ئەی خومەینی پیسی چەپەڵ
بەکرێ‌گیراو ، بێ‌دین ، گەمژەل
تۆی سەرکردەی چینی دەجال
هیچ‌و پووچ‌و مێشك بەتاڵ
دەزانی چیت‌کرد بەم شارانە
پاوەو سەقزو زەردەشت‌و بانە
هەر بن دیوار هەر بن بەردێ
هەر ئەشکەوت‌و کێو هەردێ
گشتت نەخشان بەخوێنی سوور
خوێنی لاوی کوری جەسوور
چەند منالت کوشت بێ‌تاوان
چەند کچ چۆوە ماڵە باوان
بەفرۆکەو گوللەو ناپاڵ
چەندت کوشتووە پیرو منال
بەخۆت دەڵێ‌ی منم ئیسلام
من ڕابەرم منم ئیمام
بەڵام بزانە خومەینی دەجال
نامان ترسێنی بە تۆپ‌و ناپاڵ
ئێمە گەلێکی ئازاو دلێرین
لەئاست زۆرداران وەك بەچکە شێرین
دەت کەین بە بەندێـك بۆ ئەم زەمانە
تۆڵەی شەهیدی ئەم کوردستانە


اسماعیل تەنیا
٩-١٠-١٩٨٠

# « هاتوومە ! »

ئێستاش ڕیشت ،
دووکەڵی ئەو ئاگرەی لێ بەرز دەبێتەوە ،
کە لە مەهابادت بەردا !!
لە « قوم »ەوە ،
فووت لێ‌دەکرد !
ئەی دواهەمین ڕەسوولی خوا !
ناڵەو گرمەی ؛
هەورە ، تریشقەو برووسکەی ئەم بەهارە بوو ،
کورپەی سنەو مەهابادی ،
کەڕو کوێرکرد !!

« ئاراس عەزیز عەبدوڵلا »
١٩٨٠ - سلێمانی

# مژدەی سەرکەوتن



شیعری : مکرم رشید تاڵەبانی

● ★ ●

لەم وولاتە ..
هەر گەردێکی خاکی پیرۆز
نێزەیەکی ڕێ‌ی خەباتە !
لەم وولاتە ..
ئاوو ئاسمان ،
جۆگەو ڕووبار ،
دارو درەخت ، گشت کەژەکان
بە نارنجۆك ، گوللە ، مووشەك
دەبن بە چەك ،
دەبنە تفەنگ ،
بە ئاگردان ..
لە بەرەی جەنگ ..
لە بەردەمی پێ‌ی دوژمن‌دا ..
دۆزەخێك هەڵ‌دەگرسێنن !
خۆی‌و هیواو چاوچنۆکی‌و مل‌هوڕێنی‌ی
بۆ هەمیشە دەسووتێنن !!

● ★ ●

هەر پیاوێکی ئەم وولاتە ..
بەرەو ئامانج ..
پاڵەوانی زۆر بەجەرگی
ڕێ‌ی خەباتە ..
خوێنی لەشی ..
لە ناو لەپ‌و لە دەسندایە ،
لە ناوجەرگەی مەبەستدایە
چەك لە شانە ..
بۆ پارێزی‌ی خاکی پیرۆز ..
سەربازێکی لە خۆبوردو بەوێژدانە !
دڕکی چاوی دوژمنانە ،
نەبەزی ڕێ‌ی تێکۆشانە ،
پاسەوانە ..
گوڵی گەشی ..
سەرکەوتنی نیشتمانە !!

● ★ ●

لە سەر ڕێگای نیشتمان‌دا ..
خوێنی پیرۆز
نەمامی نوێ‌ی تێکۆشانی
بێ‌ووچانی ..
تێر ئاو دەکرد ،
لەسەر خاکی عەرەبستان
لە عەبادان ..
هەر سەرباز بوو ..
بۆ سەرکردە مـژدەی دەبرد !
گوڵی گەشی سەرکەوتنە ..
لە ئاسۆوە ..
ئاسۆی گەل‌و ڕزگاری‌ی نوێ ..
لەدایك‌بوو .. لەدایك‌بوو !

# ئەسپی بێ سوار



شیعری : ئەیۆن لیانۆ
وەرگێڕانی : ڤیان

« پێشکەشە بە شەهیدانی ڤیێتنام »

لە دوورەوە ،
پێنج ئەسپی بێ‌سوار ، هاتن
پێنج ئەسپ بوون ..
ئەسپی یەکەمی ، هەردوو چاوی کوێر بوو ،
دووەمی پای شکابوو ،
خۆم خستە سەرشانی هاواڵەکەی .
سێیەمی ، پەراسوویەکی لای دڵی ، نەمابوو
چوارەمی ، ئاڵایەکی شەکاوەی ، لەسەرملی هەڵگرتبوو ،
پێنجەمی بەتاو ڕێگەی ئەبڕی‌و ئەیحیلاند ..
پێنج ئەسپ بوون ،
پێنج ئەسپی بێ‌سوار ، بوون ..
« با » لێ‌ی پرسین :
ئەی ئەسپەرەستەنەکان : کوا سوارەکانتان ؟
« لەسەر پشتی ئێمە دابەزین‌و لەهەمو لایەکی زەویا ، بڵاوبوون ،
بەغەیری ئاڵاهیچیان پێ‌نەبوو ،
ئێمەشیان بۆیە ناردەوە ، تا :
شایەدی داڕمانی قەڵاو بورج‌و بازوەکان بدەین
– لەژێر سمەکانماندا ..! »